محەمەد سودانی گەیشتە تارانی پایتەختی ئێران بە بەشداریکردن لە پرسی سەرۆک کۆماری ئێران

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیرانی عێراق بیانی ئەمڕۆ چوارشەممە ڕایگەیاند، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، مەحەمەد شیاع سودانی گەیشتە تارانی پایتەختی ئێران بە بەشداریکردنی لە پرسی سەرۆک کۆماری ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی و وەزیری دەرەوەی ئێران و هاوڕێیانیان.

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو (19ـی ئایاری 2024)، لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتی ئێران، ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆک کۆماری ئێران و ئیلهام عەلیف، سەرۆکی ئازەربایجان بەنداوی "قیزکالە سی"یان کردەوە کە لەنێوان هەردوو وڵاتدا بە هاوبەشی دروستکراوە، پاش ڕووسەکە و لەکاتی گەڕانەوەی بە تاران، هەلیکۆپتەرەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی توشی ڕووداوێک دەبێت و بیانی ڕۆژی دووشەممە بەفەرمیی تەلفزیۆنی فەرمی ئێران گیان لەدەستدانی سەرۆک کۆماری ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی و حسێن ئەمیر عەبدولڵاهیان، وەزیری دەرەوەی ئێران و نوێنەری عەلی خامنەیی و تیمی فڕۆکەوانی ڕاگەیاند.